# کوڕم له ژیانا ته واشاچی(سه یرکه ر)مه به

نووسه ر : یه لّماز گۆنه ی

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

تازه خه ریک بوو فێره پاسکیل سواری ده بوو...
له به ر ئه وه ی نه یئه توانی به سه ر پاسکیله که وه ئه وه ند خۆی ڕاگری، په یتا په یتا ده گلا، هه ر جاره ش که ده که وته خواری، قاچ و قولی زامدار ده بوو و شوێنێکی له شی ، کوّلّه وار ئه بوو.
مندالّ ئه وه ند گوێی به ژان و ئێشی قاچ و قولی نه ده دا، که چی له به ر پێکه نینی ئه و منالاّنه ی که به هه ر جاره که وتنێکی، گالّته یان پێ ده کرد، هه تا ده هات و سات بۆ سات ، فره تر ترس دایئه گرت و به خۆی ئه وت : " بێژی بتوانم ڕۆژێ فێره پاسکیل سواری بم ؟ "
ئه و خۆی له هه مووی ئه و منالاّنه ی که له نێو ته پ وتۆزدا به پاسکیلی به کرێ و بێ گرتۆک، فێره پاسکیل سواری ده بوون، به نگۆمه تر و گه مژه تر ده زانی و هه تا ده هات هه ستێکی بێ متمانه یی له حه نای خۆی ، پتر ئه یوروژاند.
منالّ له حالّێک دا په شێو و خه مین ،قاچ و قول و ده ستی ته واو دێشا و سه ری زه نگۆلّی پانتۆلّه که ی و قۆلّی کراسه که ی دڕابوو، گه ڕایه وه مالّ...
دایکی به تووڕه یی و قه لّسییه وه قیژاندی به سه ریدا : دیسانه وه پاسکیل ؟ گش ڕۆژێ جل و به رگه که ت له شوێنێکه وه ئه دڕێنی.
وه خته ئیدی له ده ستت شه ق به رم، کوره وه زالّه هاتووم،
ڕۆژێکیش مێشکت ئه ته قێ، ئیدی ئه و ده م له ده ستت ئاسووده ده بین.
مندالّ وتی : دایه ئیتر ناچم به شوێن پاسکیل سواری دا.

دایکە وتی : شوکر بۆ خوا وا دیارە ئاقڵ بووی .
منداڵ هیچی نە گوت بە ڵام  نە یئە توانی ئە و پیکە نینە تاڵە ی هورووژمی دە کردە سە ر گیانی و دڵی دێشاند، لە بیر بکات...
دایک هە مدیس پرسی : چە ندە م پیَ وتی مە چۆ، سواری ئە و پاسکیلە شە ق و شرِە مە بە ، کوا چوو بە گوێتا، چی پارە ت لە گیرفانا بوو ،هە مووت دا بە و پاسکیل سازە کە چە لە...!
- دە ی ... ئێستە نە تگوت چ قە وماوە ئیدی ناتە ویَ سواری پاسکیل بی ؟
منداڵ وتی :  وا ئە زانم  ناتوانم فێر بم...
مناڵ پێم پیئە کە نن... گاڵتە م پیَ ئە کە ن. منیش ئیتر ناچم بۆ لایان.
دایکە وتی : کاری چاک ئە کە ی کورِم ... پارە کە ی نێو گیرفانت رِۆڵە  خە رجی شتی خواردە مە نی بکە، بیدە بە چڵە پانە، نۆک و... ئاخرییە کە ی شوێنێکی خۆت کۆڵە وار دە کرد، زۆر چاکت کرد کورِم، وە رە ماچێکم دە یە ،
ئێوارە کاتیَ  باوک  گە رِایە وە ماڵ ، دایکی کورِە پێی وت :
ئە زانی ؟... کورِە کە ت ئیدی نایە ویَ پاسکیل سواری بکات.
باوک پرسی : لە بە ر چی ؟
- وە بزانم منداڵ پێی پیَ ئە کە نن، کاتیَ دە گلیَ، گاڵتە ی پیَ ئە کە ن.
باوک وتی :  بە رِاستتە ؟... یانیَ هە ر لە بە ر  ئە وە ندە ی؟...
- ئە ریَ... هە ر پیِم پیَ ئە کە نن... کاتیَ  ئە کە ومە خوار، فیکە م لیَ ئە کە ن، ئە یکە ن بە هە را...ئیدی ترسم لیَ نیشتووە، زۆر ئە ترسم سواری پاسکیل بم.
باوک کە هە ستی بیَ متمانە یی و شکستێکی تاڵی لە نیگای مناڵە کە یدا دە خوێندە وە ، وتی : ئیدی ئە مە تم بە دڵ نییە.  ئە م کارە ت کورِم جۆرە ترسە نۆکییە کە ، بە مە ئێژن هە ڵاتن ، ترسە زاوری.
- لە بە ر چی هە ڵاتن.
ئمم... لە بە ر چی؟

- كوا من ترسه نۆكم...ئه و هه موو جاره گلام و كه وتم و قاچ و قول و ده ستم ،خوێناڵین بوو كه چی قه ت جارێكیش نه گریام، كوا من له كه وتن ئه ترسم...

- له كه وتن ناترسی، به ڵام خۆ له پێكه نین و گاڵته پێكردنی مناڵان ئه ترسی، هه ر له به ر ئه وه ش وازت له پاسكیل سواری هێنا و خۆت له ترسانا شارده وه؟ كوڕم!... ئه مه ش بۆ خۆ جۆره ترسێكه، چه شنه ڕاكردن و هه ڵاتنێكه...ئه وه شت پێ بڵێم خراپترین و ئاڵۆزترین لایه ن و دیوی مه سه له كه ش، هه ر لێره دایه.

منداڵ هێدی هێدی له مه به سته كه ی باوكی تێده گه یشت به ڵام كوا ئه و توانای له خۆدا ده دی له گه ڵ گاڵته و پێكه نینه كه ی مناڵانا ، به ره و ڕووو بێته وه.

باوک وتی : هه موو كارێ كوڕم سه ره تاكه ی به ناشاره زایی ده س پێ ده كات... باشترین درووومانكار هه وه ڵه كه ی خۆ نه یئه زانی چلۆن ده رزی به ده سته وه بگرێ، باشترین مسته كۆڵه بازی دونیاش، هه وه ڵه كه ی نه یئه زانی ته نانه ت چلۆن مست بوه شێنێ، شاره زاترین مه له وانی دونیاش، یه كه مجار كه ده یه ویست بچێته نێو ئاوه وه، ڕه نگه كوڕم هه مان ترسی له دڵا بووبێ. كوڕم ئه توانم زۆر نموونه و وێنه ی دیكه ت بۆ بێنمه وه .

باوک، چاوی بڕیبووه ڕوخساری بێگه ردی مناڵه كه ی هه تا بزانێ ئاخۆ قسه كانی چه نده له سه ری كاریگه ر بوونه،

ئه نجا پێی وت: كوڕم سبه ی یه كه م هه رمانت ئه وه بێ بچیه لای كابرای پاسكیل ساز، وه ره ... ئه وه ش پاره...

چاو كوڕم! ... مناڵ پێت پێئه كه نن، گاڵته ت پێ ئه كه ن، به فیكه ئه كه ونه دووت، به ڵام نابێ ئه تۆ ئه وه ند گوێ به و جۆره شتانه بده ی ، ئه بێ له قینی ئه وانیش بووه، چاک فێری پاسكیل سواری بیت. هه موو كارێ كوڕم سه ره تاكه ی هه ر وایه ... هه وه ڵه كه ی وا ئه زانی زۆر زه حمه ته.

تێگه یشتی كوڕم ؟

سه ر و سێ چوار ڕۆژێ، پێت پێ ئه که نن، دوایی چی؟...
هه موو شتێ خۆ هه ر پاسکیل نییه کوڕم ، له هه موو کار و
هه رمانێک دا ڕه نگه تووشت به تووشی وا گیر و گرفتێکه وه بێ.
ئه وه نده گوێ به گاڵته پێکردنی ئه وان مه ده. ته نێ هه وڵبده...
هه وڵ.
دایکه وتی : ئه رێ کاورا ئه م شتانه چییه فێری مناڵه که ی
ئه که ی!...
باوک مناڵی گرت به باوه شه وه و به سۆز ئه یدواند: چاو کوڕم!...
دایکی منیش وه ک دایکت بوو. منی زۆر خۆش ده ویست، دایمه
فیکر و هه ست و نه ست و بیری هه ر له لای من بوو، ئاخر
کوڕم من تاقانه یان بووم، ئه ترسا شتێکم پێ بێت، دایمه ئه یوت:
" مه چۆ سه ر داران، ئه که ویته خوار، مه چۆ نێو ئاو، ئه خنکێی،
دووی زۆرانبازی مه که وه، شتێکت یاخۆ شوێنێکت له جێ ئه چێ،
ئه وه نده ی چپاند به گوێمدا که منی وه ک ته واشاچی و
سه یرکه رێ، بار هێنا، به ڵام کوڕم پێت بێژم ته واشاچی بوون
له ژیانا کارێکی زۆر زۆر چه وت و خراپه...
له ژیانی مرۆڤدا، شکست خواردن هه زار جاره باشتره له
ته واشاچی و سه یرکه رێکی به ئاوه ز و ژیر.
له دونیای مسته کۆڵان دا مسته کۆڵه بازێکی نه فره شاره زا و
باش، زۆر زۆر باشتره له وه ی ئه تۆ ته واشاچییه کی باشی
یاری مشته کۆڵان بیت.
کوڕه هه ر بیری لای ئه و مناڵانه ی بوو که به رده وام
گاڵته یان پێ ده کرد، باوکه پێی وت : کوڕم مه هێڵه ئه و
مناڵانه بتۆقێنن و به سه رت دا زاڵ بن !

مانای چه ن په یڤێ :
گه مژه : گێل گه وج، فه حه ، ته په ترن
نگۆمه : بێ ده ست و پێ، هیچ لێ نه هاتوو
ترسه زاور: ترسه نۆک

گرتۆک : وه ستێنه ر، تورومز
کاورا: کابرا، پیاو
فیکه : فیتوو
خوێنالێن : خوێناوی

Renas caf@yahoo.com